گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە [1]

## توێژینەوەیەکی تیۆری-شیکارییە

**م.ی. مریوان حسن مصطفى**
بەشی کۆمەلناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
marewan.mustafa@su.edu.krd

**پ. د. عبد الحميد علي سعيد برزنجي**
بەشی کۆمەلناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٣
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٦
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئاسایش، ئاسایشی نەتەوەیی، سیاسەت، خێزان

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.30

**پوختە**

یەکێك لەو بابەتانەی زانستە مرۆییەکان بەگشتی و کۆمەڵناسی بە تایبەتی بایەخی زۆری پێداوە لە ڕووی توێژینەوە و تیشك خستنە سەر، بریتییە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. ئەمەش بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەیە کە هەیەتی لە گەشەپێدانی تاك و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، ئامراز و کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی ڕۆژگار گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، کە بۆ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگەکان دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر هەروەها لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر ئەم گۆڕانکارییانە دەبینرێن. لە کۆمەڵناسی هاوچەرخدا، ئەم بابەتە بە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بۆ بونیاتنانی مرۆڤ ناو دەبردرێت، ئەمەش بە مانای گرنگی زۆری بابەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دێت لە پەروەردە و فێرکردن و ئاراستەکردنی تاکەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی پەیوەندییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش لە رێگەی گرتنەبەری میتۆدەکانی شـیکردنەوەی ناوەرۆك و کتێبخانەیی دەکەین.

## 1. پێشەکی

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چی وەکو چەمك یان وەکو بابەت هەمیشـە بەشـێك بووە لە جێگەی بایەخ پێدانی توێژەران و پسـپۆرانی کۆمەڵناسـی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی ئەو پرۆسـەیە لە ژیانی تاکەکان و پەروەردەکردنیان، ئەم پرۆسەیە کاریگەری لەسەر چەند سێکتەر و بوارێکی جیاواز دەبێت یەکێك لەو بوارانە بریتیە لە کاریگەری لەسەر دروستکردنی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەییە لای تاك، توێژەری مەبەسـتی لەم تویژینەوە ئەوەیە ئامانجی ئەوەیە بزانێت ئایا ئامڕازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تا چی ئەندازەیەك رۆڵ دەبینن لە پێکهێنانی ئەو هۆشـیارییە، ئایا کام کەناڵ و ئامڕاز لە ئێستای کۆمەڵگە کاریگەری زیاترە.

ئەگەرچی بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی زیاتر لە ژێر پسپۆری زانستە رامیارییەکاندایە بەڵام کۆمەڵناسی سیاسـی لە گۆشـەنگیای زانسـتی کۆمەڵناسـیەوە قسـە و خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەم بابەتە هەبووە وە پێی وایە ئاسـایشـی نـەتەوەیی چەمکێکی گشـتگیرە کە سـەرجەم رەهەنـدە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە و تەنیا لە توانای سـەربازی بۆ پاراسـتنی سـنوورەکانی وڵاتدا قەتیس ناکرێ. راسـتە دەسـەڵاتی سـەربازی بۆ پاراسـتنی سـەربەخۆیی یەکێکە لە سـەرەکیترین بناغەکانی ئاسـایشـی نەتەوەیی. دەتوانین بڵێین ئاسـایشـی نەتەوەیی گوزارشـتە لە توانای کەمکردنەوەی هەر جۆرە هەڕەشـەیەك بۆ سـەر بەرژەوەندی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات و سـەربەخۆیی وڵات. هەرچەندە فاکتەرە هاوچەرخە سـیاسـی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیش کاریگەرییان هەیە لە ئاسـایشـی نەتەوەیی. بەڵام مەترسـی و بەرژەوەندی نیشـتمانی و میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسـییانە، فرە هۆکار و فرەڕەهەندن کە بەپێی کات و شـوێن گۆڕانکارییان بەسـەردا دێت. یەکێك لە فاکتەرە سـەرەکیەکان کە رۆڵی خۆی دەبینێت بریتییە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، چونکە سـەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لە ژێر کاریگەری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی پەروەردە دەکرێن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هزر و بیرکردنەوەیان گۆش دەکرێت، کەواتە کاریگەری و گرنگی پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە پێکهێنان و دروستکردنی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی مەبەستی سەرەکی تویژینەوەکەیە.

## 2. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی

### 1.2 ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی لە کاریگەری خستنە سەر تەواوی تاکەکان و سیستەم و پاشان بۆ سەر کۆی بونیادی کۆمەڵایەتی، وای کردووە بیرمەندان و توێژەران پرسی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییان بخەنە بەرباس، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بکەن، هەروەها بە گوێرەی ئەو ڕێبازە تیۆری و فیکرییانەی کە وەك ئاراستەکەرێکی گرنگی هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیین، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بە تایبەت کە پرۆسەیەکە لە قۆناغێکی دیاریکراودا ناوەستێ بەڵکو چەندان قۆناغ دەگرێتەوە، لەهەمان کاتدا تەنها تایبەت نیە بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، بەڵکو پرۆسەیەکی کراوەیە و ڕەنگ و بۆی ئەو ئایدۆلۆژیایە دەگرێ کە پشتیوانی پرۆسەکەیە، جا سەرمایەداری بێ یا سۆشیالیستی، ئەوە ئەو ئایدۆلۆژیایە بەرپرسە لە دیاریکردن و ڕوونکردنەوە و کێشان و دەرخستنی شوناسەکەی، کاتێك دەڵێین دیاریکردنی شوناس، مەبەستمان شوناسی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە نییە بە تەنها، بەڵکو مەبەستمان شوناسی کۆی کۆمەڵگەیە، بەو پێیەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ و پڕ بایەخە (الصقور، 2012: 97)، ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی بونیادنانی تاك لەسەرەتای بونیەوە بە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بە ڕێگە و شێوازە جیاوازەکانەوە لەریگەی کارلێکی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت لە پێناو پێکهێنانی کەسایەتی تاك لە ڕووی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی کە بتوانی و ئامادەبێت بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی لە ژێر سایەی کولتوری ئەو کۆمەڵگەیەی لێی دەژی (هداج، 2023: 160). پرۆسەکە لە خێزانەوە دەست پێ دەکات و دواتر فراوان دەبێت و پەل دەکێشێت بۆ کۆمەڵگە بە ڕۆڵ بینینی تاکەکان بە گوێرەی پێگە و تەمەنیان لەسەر بنەمای پێوەر و بنەما باوەکان، لێرەوە تاکەکان فێری بەها و نەریت و نۆرم و ڕەفتارەکانی کۆمەڵگە دەبن، لەم ڕێگەوە تاکەکان دەگۆڕێن لە تاکێکی فیسیۆلۆجی بۆتاکێکی کۆمەلایەتی (فوزیە و مروە، 2021: 34). یەکیك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە بە

درێژایی مەودای تەمەنی مرۆڤ لە منداڵیەوە تاکو کۆتایی تەمەنی بەردەوامە، لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیان (الکبیسی، 2016: 34).

ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت کە داهاتووی نەوەکان و سەقامگیری کۆمەڵگە و پتەوبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و پێگەیشتی تاك پەیوەستە بە پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتي، بەهەمان شێوە تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهەمان شێوە پەیوەندارە بە بابەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە، کەواتە کارکردن و توێژینەوە لەم بوارە جگە لە ئەرکێکی زانستی و ئەکادیمی، زەرورەتێکی مرۆڤایەتیە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست و کۆمەڵگایەکی پەروەردەکراو بە بەها و نەریت و نۆرمە باوەکان، ئەمەش لە کۆتاییدا دەسەڵات و حکومەت لە سایەییدا هەست بە گەشەسەندن و پتەوبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دەکەن.

### 1.1.2 گرنگی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

گرنگی پرۆسەیەکی فرە ڕەهەند وەك پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەستەمە و تا ڕادەیەك زەحمەتە بتوانێ لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێتەوە، چونکە لە ناوەڕۆکدا پرۆسەیەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك دەزگا و دامەزراوە کە هەر یەکەیان بە ئاست و قەبارەی جیاواز شوێن پەنجەی خۆیانی لەسەر جێدەهێڵن، هەروەها لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر ئەم بایەخ و گرنگیانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام هەوڵمانداوە گرنگی و بایەخی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بۆ چەند خاڵێك کورت بکەینەوە کە پرۆسەکە دەیەوێ بەدیان بهێنێ، ئەوانەش بریتیین لە:

- بەبێ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ وەکو بوونەوەرێک ناتوانێ سروشتی خۆی و ئەو خەسڵەتە مرۆییانە بەدەست بهێنێ کە لە بوونەوەرەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، بۆ سەلماندنی ئەوەش با ببینین کە ئەگەر بوونەوەری مرۆیی بەدەر لە مرۆڤایەتی بژی، چی بەسەردا دێ. ئەگەر منداڵ هەر لە لەدایکبوونیەوە لەوانی دیکە دابڕێنرێت و لە کوچێك یا پەنجەرەیەکی تایبەتەوە خواردن و خواردنەوەی پێ بدرێ، وەك ئەو منداڵەی کە پەرە بە سروشتی مرۆیی نەدراوە، ئەوە ڕەفتاریان وەك ڕەفتاری ئاژەڵی لێ دێ. چیتر هێما و نیشانەی زیرەکی و لێهاتووییان تێدا دەرناکەوێ، تەنانەت نەریتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتاییەکانی وەك پاك و خاوێنیشیان تێدا نابێ، هەروەها هیچ هیوا و ئاوات و ئامانج و هۆشیارییەکیان نابێ، تەنانەت توانای قسەکردنیشیان نابێ (الصقور، 2010: 269).

- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئامانجی یەکخستن و گونجاندنی تاکە لەگەڵ کۆمەڵێك فۆرمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا، وەك ئەو جۆرە بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و بنچینەییانەی کە بونیادی سەرەکی کەسایەتی پێکدەهێنن، ئەوەش لە ڕێگەی ئەوەی تاك کۆمەڵێك ئاراستە و زانیاری و ئەزموون بەدەست بهێنێ (شریف، 2004: 13).

- پێکهێنانی کەسێتی مرۆڤ، هەروەها دروستکردنی خودی منداڵ لە ڕێگەی تێرکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئەمەش بە گونجان لەگەڵ ئەوانی تر و پێداویستییەکانی کولتووری ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی (هرندی، 2022: 27).

- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە بەدەستهێنانی پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی (الضبط الاجتماعي) کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی ڕەفتاری تاکەکان هاوتەریب لەگەڵ بەها و پێوەر و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش وا دەکات ڕێچکەیەك دابنێ بۆ تاکەکان کە چۆن مامەڵە بکەن لە کات و بارودۆخە جیاوازەکان (القاسمی، 2010، 125).

- بەیەکەوە بەستنەوە و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکان بە شێوەیەکی قوناغ بەندی بە هێما و سیمبول کە بەرکەوتن و کارلێکی هەیە لەگەڵیان، کە ئەم هێما و سیمبولانە دەبنە هۆی دیاریکردنی ئەزموونەکانی پێشوو، کە تاك پێیدا تێدەپەڕێت، هەروەها بەستنەوەی ئەو ئەزموونانە بە بارودۆخی ئێستاوە ئەمەش بە واتای بەرهەم هێنانی تاکێکی هۆشیار و بە ئاگا لە ڕابردوو و ئێستادا (همشری، 2013: 30).

## 2.2 دەزگا و ئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی یان بەکۆمەڵایەتیبوون واتە لە پرۆسەیەکی هەمەلایەن و فرەڕەهەند، ئامراز و کەرەستەی جیاواز دەگرێتە بەر بۆ بونیاتنانی کەسایەتی پێگەیشتوو، کە لە ڕووی جەستەیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە هاوسەنگ بێ، ئەوەش لە ڕێگەی کۆمەڵێك دەزگا و دامەزراوەی جیاوازەوە کە هەندێکیان کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ و هەندێکیشیان کاریگەریەکی ناڕاستەوخۆیان هەیە، کاریگەر ئەو دەزگایانە بە گوێرەی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت، لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگۆڕێن هەروەها لە کات و زەمانەکاندا کاریگەرییەکانیان ئاستی جیاواز وەردەگرن، هەروەها ئەو ئامرازانە جگە لە ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵ و ئەرکی جیاوازییان هەیە بۆ نمونە پێگەیاندنی سیاسی و هۆشیاری و، لە نموونەی ئەو دەزگایانە وەك:

## 3.2 خێزان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

خێزان بە یەکیك لە ئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە یەکەم ژینگەی ژیانی منداڵە کە تیایدا پەروەردە دەبێت و ئاڕاستە دەکرێت، لێرەدا جەوهەری ژیانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و دەبێتە کۆڵەکەی سەرەکی ژیان (عالی، 2018: 91)، خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە کە گەشەی منداڵی تێدا ڕوودەدات و منداڵ کارلێك لەگەڵ ئەندامانی تری ئەو یەکەیە دەکات، هەروها خێزان پشکی سەرەکی لە سەرپەرشتی و چاودێری منداڵ بەردەکەوێت لە ڕووی گەشە و پێکهێنانی کەسێتی و ئاڕاستە ڕەفتارییەکان (عالی، 2018: 91)، سەرەڕای جۆر و شێوازە جیاوازەکانی خێزان و ئەو گۆڕانکارییانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەسەریدا هاتووە بەڵام خێزان ڕەنگدانەوەی بەسەر سەرجەم دەزگا و دامەزراوەکانی تردا هەیە لە کۆمەڵگە بێ هیچ هەڵاویرێك، بۆیە خێزان یەکێکە لە ئامراز و دەزگا گرنگەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی – سیاسی (هرندي، 2022: 41)، لە ئێستادا خێزان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت و کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و کولتوری و پەروەردەیی و تەندروستی زۆر بووەتەوە، وەك ئاستی ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەی کە بەر سروشتی بونیادی کۆمەڵایەتیی و ئەو سەروەتە سروشتیانە کەوتووەتەوە کە پشتیان پێ دەبەستێ، هەروەها ڕادەی پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی و ئەو چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیەی کە کاریکردۆتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی، بۆیە کۆمەڵگەکان لە ڕووی سروشتی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەوە لێکجیاوازن کە بەر خێزان کەوتوون و ڕوانگەی کۆمەڵگەکان بۆ ئەو گرفتانە و شێوازی چارەسەرکردنی، دیارە ئەو لێکجیاوازیەی کۆمەڵگەکانیش ڕەنگدەداتەوە سەر بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە و ئامانجە باڵاکانی و پێگەی لە پێشکەوتنی جیهانیدا. کۆمەڵێك فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەن کاردەکەنە سەر خێزان و بەو هۆیەشەوە منداڵیش دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە (القصير، 1999: 98). خێزان نەك تەنها بە شێوە گشتیەکەی بەڵکو سەرجەم وردەکارییەکانی کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردەی منداڵ بۆ نمونە پێگەی کۆمەڵایەتی خێزانەکە، باری ئابوری، ئاستی ڕۆشنبیری، جۆری پەیوەندی نێوان باوان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قەبارەی خێزان، هەموو ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر پەروەردەی منداڵ و دروستکردنی کەسێتی تاك (Baferani, 2015: 417).

### 4.2 پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

ناوەندەکانی خوێندن و فیربوون بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرمی هەژمار دەکریت کە بە ئەرکی پەروەردەیی هەڵدەستێت، هەروەها ئەرکی گواستنەوەی ڕۆشنبیری پیشکەوتوو، دابینکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەی جەستەیی و هزری و هەڵچوونەکان و کۆمەڵایەتی و فێرکردنی بەها و پێوەر و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان لە خۆ دەگرێت (علی، 2019: 13)، لە ڕووی گرنگی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، قوتابخانە پێگەیەکی باڵا و گرنگی هەیە، چونکە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی گەشەی مەعریفی و ڕێکخستنی ڕەفتارەکان و ئامادەکردنیان بۆ پیشە و کار، جێگەی خێزان دەگرێتەوە... هەروەها دەتوانێ هەماهەنگی و سازانی فیکری و کولتووری لە چوارچێوەی یەك کۆمەڵگەدا بەدی بهێنێ (الحدیدی،2007: 128)، ڕۆڵی قوتابخانە تەنها لە گواستنەوەی زانیاری و فێرکردن کۆ ناکرێتەوە، بەڵکو بریتییە لە گەیاندنی کۆمەڵێك بەها و پێوەر کە دەبنە هۆی پێکهێنانی بنەمای بیرو ئایدۆلۆژیای رۆشنبیری و دروستکردنی هەستی خۆشەویستی بۆ دامەزراوەکانی کۆمەلگە و نیشتیمانپەروەری و بیروباوەڕی سیاسی و یاسایی و ئایینی، ئەمەش دەبێتە هۆی گونجاندنی تاك بە کۆمەڵگەوە و پێکهێنانی کەسێتی نیشتیمانی (القاسمي، 210: 133)، پرۆسەی فیربوون کە لە قوتابخانەوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆی لە کردار و پرۆسە و دەرئەنجام دەبینیەوە کاریگەری دەکاتە سەر گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ باشتر و بەرەوپێشچوونی زیاتر، ئەمەش لەڕێگەی گواستنەوەی ئەزموون و فێرکردن و گۆش کردنی هزری تاکەکان، بۆیە پرۆسەی فێرکردن بەهایەکی ئاکاری و ئایدۆلۆجی و زانستی هەیە، کە کاریگەری دەکاتە سەر ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە، لە ئەنجامدا پەرەپێدان و گەشە و پێشکەوتن بەرهەم دێنێ (Terziev, Vasileva, 2022: 72))، ڕۆڵی قوتابخانە لە چوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەل دەکێشیت بۆ چاندنی روحیەتی دادپەروەری و پرۆسەی دیموکراسی و ڕێزگرتنی جیاوازییەکان و بۆچوونەکان، ئەمەش جۆرێك لە گونجان و بەهێزکردنی تەونی کۆمەڵایەتی دێنێتە بەرهەم، (Katke, 2023, 506)، خوێندن و پرۆسەی پەروەردە لە دونیای مۆدێرندا بووە بە زەرورەت و پێداویستی نەك تەنها بۆ فێربوون بەڵکو بۆ پیشکەوتنی کۆمەڵگە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشەکردنی، یەکێك لە پێوەرەکانی دیاریکردنی پێگە و چینایەتی لە کۆمەڵگە ئاستی پەروەردە و خوێندەوارییە، لە کۆتاییدا ئاستی داهات و دەسەڵات و هەژمون و پێگەی تاکەکان دەستنیشان دەکات، ئەمەش بە یەکێك لە کرۆك و ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت (V ,Yureva , 2019, 171).

## 5.2 هەڤاڵ و هاوڕێیان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

مەبەست لە گروپی هاوڕێیان بریتییە لەو گرووپە بچووکەی کە تاك بە بەردەوام کارلێکیان لەگەڵدا دەکا، گرووپی هاوڕێیان چەندین جۆری هەیە، وەك گرووپی یاری، گرووپی قوتابییان و کار....دیکە، بەڵام لە هەموو بارودۆخێکدا گروپی هاوڕێیان کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، چونکە هاوڕێیان هەمیشە پێشەنگی یەکترن و چاو لێکدەکەن (شروخ، 2004: 81)، ئەم گرووپی هاوڕێیانە لە چەند کەسێك پێك دێت، تایبەتمەندی و خەسڵەتی هاوبەشیان لە نێوانیاندا هەیە، کە بووەتە هۆی کۆبوونەوەیان لە دەوری یەکتر، هەورەها جۆرێك لە بنەما و ڕێسا و پێوەری تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ ڕێکخستن و دانانی چوارچێوەی کارلێکردنیان (هرندي، 2022: 89)، لێك نزیکی و جۆرە هاوبەشییەك بەدی دەکرێت لە نێوان ئەندامانی ئەم گرووپانە بەهۆی نزیکییان لە تەمەن و هاوسێیەتی و هاوشاری و هاوپۆلی لە خوێندندا، بە شێوەیەکی گشتی گروپی هاوڕێیان پۆلین دەکرێت لەسەر بنەمای ئاستی خوێندەواری و ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتی، ئەم پۆلین بەندییە دەبێتە هۆی هێنانە کایەی ڕەفتار و بیرکردنەوەی هاوبەش (القاسمي، 2010: 140)، ڕەفتاری تاکەکان لەم جۆرە گرووپانە یەکسان نیە، بەڵکو شێواز و ستایلی جیاوازیان هەیە و ئەم جۆرە ڕەفتارکردنە جیاوازە کاریگەری لەسەر ئەندامانی تر و ئاستی بیرکردنەوە و ڕۆشنبیریان هەیە، چونکە بەشێك لە ئەندامان بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هێز دەبن بە ئەندامی و هاوبەشی دەکەن، ئەمەش لە جۆرێك لە جۆرەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە کەسییەکان هەژمار دەکرێت (Susanu, 2019: 101)، گرووپی هەڤاڵان لە سەردەمی ئێستادا قۆناغی جیاوازتر و پێشکەوتووتری بەخۆیەوە بینیووە ئەویش گرووپی هاوڕێیانی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە و هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە ئەمەش بە تەواوکەر و درێژەپێدەری گرووپەکانی تری هاوڕێیانە کە باسمان کرد، بەڵام پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا ئەمەی بەرهەم هێناوە، بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە سنووری جوگرافی و باڵ کێشان بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پانتایی زیاتر و بە گەردوونی بوونی پەیوەندییەکان، هەورەها بووەتە هۆی لە دەستدانی مەرجی تەمەن و رەگەز و ئاستی رۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ بە ئەندام بوون لەم جۆرە گرووپانە (الزيودي، 2016، 503)، کاریگەری گرووپی هاوڕێیان بەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکرێتەوە: (هداج، 2023: 173-174)

- هاوکارە لە گەشەی جەستەیی و ئەوەش لە رێگەی رەخساندنی دەرفەتی ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی و گەشەی عەقڵی و تێرکردنی ئارەزووەکان و گەشەی کۆمەڵایەتی لە رێگەی چالاکییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان.
- دروستکردنی پێوەری کۆمەڵایەتی و راپەڕاندنی رۆڵە کۆمەڵایەتییە تازەکانی وەك سەرکردە.
- یارمەتیدان بۆ بەدیهێنانی گرنگترین پێداویستییەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە سەربەخۆبوون و پشت بەخۆبەستن.
- رەخساندنی دەرفەتی لاساییکردنەوەی گەورەکان و رەخساندنی دەرفەتی هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی.
- تێرکردنی گرنگترین پێداویستیەکانی تاك لە پێگە و ئینتیما.
- پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و کەلێنانەی کە خێزان و قوتابخانە لە ناو زانیاری و ئەزموونەکانی منالدا بەجێیان هێشتووە.

ڕاستە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانی بەشێك لە بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و سەرقاڵ بوونی تاك بە ژیانی کەسی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی رۆژانە بەڵام بایەخ و کاریگەری گرووپی هاوڕێیان لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگە، هەڵبەت ئەگەر بایەخی پێ بدرێ و بە دروستی ئاراستە بکرێ، چونکە ویست و حەزەکانی پەیوەست بە گەشەی کۆمەڵایەتی پڕ دەکاتەوە و ناکرێ ئەو حەز و ویستانە لە نێو خێزان و دامەزراوەکانی دیکەدا پڕ بکرێنەوە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو گرووپانەی هاوڕێیان ئەوەیە لە منالییەوە دەست پێدەکا و بەردەوام دەبێ تا تەمەنی کۆتایی ژیانی مرۆڤ و چەندان فۆرم وشێوەش بەخۆوە دەگرێ، وەك یانەکان و گرووپە وەرزشی و زانستی و ئەندام بوون لە یانەکان و گرووپە ئۆنلاینەکان و سۆشیاڵ میدیا، ئەم گرووپانە لە ڕووی دروستکردنی کاریگەری لەسەر یەکتر بەجۆرێك بەهێزە زۆرکات کاریگەرییان دەبێت لەسەر

بڕیارە سیاسی و جۆری کار و بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان و ئەنجامدانی هاوسەرگیری و تەواوکردنی پرۆسەی خوێندن و گەشتکردن و زۆری تر.

## 6.2 دامەزراوە ئایینییەکان و پیگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

ڕێگە جیاوازەکانی ئایینداری و خوداناسی رۆڵ و کاریگەری دەبێت لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون و پێگەیاندنی تاك و کۆمەڵگەدا، ئەمەش لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵەیکی تر دەگۆڕێت، چەسپاندنی بەها و پێوەرە ئایینییەکان دەبێتە داڕێژەری چوارچێوەی ڕەفتاری تاك، گەشەپێدان و یەکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و لێك نزیکردنەوەی ئەندامانی چینە جیاوازەکان و جێبەجێکردنی پەیامە ئایینییەکان لە ڕەفتاری گشتیدا ئەرکی سەرەکی ئاییندارین و کەناڵێکی گرنگی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتین (علی ، 2019: 14)، مزگەوت یا پەرستگە ڕۆڵێکی گەورەی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییانەی تاکەکان هەیە، ئەوەش ئەگەر هاتوو لەسەر بناغەیەکی یەزدانی تەندروست بنیاتنرابن (عمر، 1992، 85)، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ئامۆژگاری وهۆشیارکردنەوەی تاك و کۆمەڵگە، هەروەها بە سەرچاوەی گرنگی پڕکردنەوەی پێداویستییە ڕوحییەکان دادەنرێت و دەبێتە مایەی سەقامگیری دەروونی لە سەر ئاستی کەسی و کۆمەڵگەیی(الصقور، 2012: 137)، پەرستگە سەرنجی دایك و باوکەکان دەخاتە سەر چاودێریکردن و پەروەردەکردنی منداڵان، بۆیە بەرپرسیارەتی دایك و باوك تەنها بەڕێوەبردنی گوزەرانی ماددی منداڵان نییە، بەڵکو پێویستە پەروەردەیەکی باشی منالەکانیان بکەن، چونکە پەروەردەکردنیان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە زۆر گرنگترە لە بایەخدان بە پێداویستییە مادديیەکانیان (علی ، 2019: 176).

کاتێك مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا هەست دەکات پێگەی بەرزە و ڕێزلێگیراوە ئەو کات شانازی بە خۆی دەکات، بەشێکی سەرەکی لە پێدانی ئەم پێگەیە کە تاك بە دەستی دەهێنی بە تایبەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان ئایینداری و خواپەرستیە، لێرەدا کۆمەڵگەی کوردی لە ڕابردوودا لەم ڕووەوە پشکی شێری بەر دەکەوێت، کاتێك ژیان لە لادێکاندا بوو و تەکنەلۆژیا و ئاست و میکانیزمی تێرکردنی بەرژەوەندییەکان وەکو ئێستا نەچووبوونە قۆناغی باڵاوە ئەوا پیاوی ئایینی بە تایبەت مەلا ڕۆڵی گەورەی بینوە لە هۆشیارکردنەوە و پێدانی پەیامە مرۆییە و کۆمەڵایەتیەکان بەڵام بە هەمان شێوە دامەزراوە و ئامرازەکانی تر لەگەڵ هاتنی شەپۆلەکانی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن و گۆڕینی جۆری ژیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و کرانەوەی کۆمەڵگا بە جیهاندا وایکرد ئەم کاریگەرییە گۆڕانی بەسەردا بێت، گرنگە لێرەدا ئاینداری و کایەی ئیسلامی سیاسی لێك جیابکەینەوە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئاینداریيە بە مانا کەسییەکەی، نەك ئەندام و سەرکردەی حیزبە سیاسیە ئیسلامیەکان، چونکە مەرج نیە ئەو پێگەی بە هۆی ئاینداری و خواناسیەوە بە دەستی دەهێنی هەمان پێگە لە رێگەی کارکردن و ئەندامبوون لە حزبێکی سیاسی ئیسلامی بەدەست بهێنی.

## 7.2 کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و لەسەر هەموو مرۆڤەکان بە تەمەنە جیاوازەکانەوە، لە ژووری نووستنی منداڵانەوە تاکو قوتابخانە و دوا قۆناغەکانی تەمەن ڕاگەیاندن رۆڵ دەبینێت وەکو کەناڵێکی گرنگی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێت وەکو، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما، سۆشیال میدیا و پێگە ئەلیکترۆنیەکان و رۆژنامەکان. نەوەکان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم کەناڵانە بەڵام بە ئاست و شێوازی جیاواز (SÜSS, 2017, 3)، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن رۆڵ دەگێڕن لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆر، هەورەها تێرکردنی پێداویستە دەروونیەکان و بەرەوپێشبردنی بەها و بیروباوەڕە فرە ڕەهەندەکان (علی ، 2019: 14)، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت رۆڵی سەرەکی دەبینن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و جگە لە رۆڵی سەرەکی خۆی، رۆڵی کەناڵێکی پاڵپشت و پشتیوان دەبینێ بۆ دەزگاکانی تری وەکو خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەکانی تر، هەروەها بەشداری دەکات لە دروستکردن و ئاڕاستەکردنی بۆچوونە جیاوازەکان و برەودان بە دەروونی تاکەکان، گەشەپێدانی ئەزموون و زانیاری و تواناکان لەگەڵ ئەمانەشدا بڵاوکردنەوەی بابەتە گرنگ و بە بایەخەکان و ڕاوەستان لەسەر بەها باوەکانی کۆمەڵگە و جەخت کردنەوە لەسەر بابەتی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و بناغەی سەرەکی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانە (شفیق، 2016، 11)، ئەم کاریگەرییە گەورەیەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وا دەخوازێت کە وریا بین و لە کەمکردنەوەی مەترسییەکان و نیشاندان و خستنە ڕووی بابەتی ناپێویست بەڵکو پرۆگرامی سوودبەخشی دیکە لە جێی ئەوان پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی بیخەینە خزمەت پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە و بە شێوەیەکی ئەرێنی بیانخەینەگەڕ، ئەوەش لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ئاراستەکردنێکی تەندروست، بۆ ئەوەی ببێتە کەرەستەیەکی کارا بۆ چەسپاندنی بناغە ئاکاری و ئاینییەکانی کۆمەڵگەیەکی باڵا (هداج، 2023: 175)، سەرەڕای ئەو کاریگەرییەی خرانە ڕوو لە هەندێ بارودۆخدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری نەرێنی دەخەنە سەر پەروەردە و پێگەیاندنی تاکەکان، ئەمەش سەردەکێشێتە دروستکردنی کەلێن و درز لە ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەر ئاستی تاك و خێزان، لایەنی نێگەتیڤی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تەنها بۆ بەهێزی ئەم کەناڵانە ناگەڕێتەوە بەڵکو بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کەم و کورتی و نا کامڵبوونی دامەزراوەکانی تری وەکو خێزان، پەروەردە (القاسمی، 2010، 139).

## 3. ڕۆڵی دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی:

وەکو سەرەوە دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی ئاماژەیان پێ دراوە، و ئەرك و کاریگەری هەریەکیان خراوەتە ڕوو، بۆیە توێژەر هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕوون بکاتەوە لە دروستکردنی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی، هاوکات دیاریکردنی ڕۆڵی ئەو دامەزاوانە لە دروستکردنی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی، دەستنیشانکردن و زانینی ئەو پەیوەندییە یارمەتیدەرێکی گونجاو دەبێت بۆ ئەو قوتابی و ئەکادیمییانەی لەم بوارە تویژینەوە ئەنجام دەدەن هەروەها بۆ حکومەت و لایەنی پەیوەندار کە برەو بەم بوارە بدەن و ئەو بۆشییانەی کە هەن لە دامەزاوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پڕ بکرێنەوە تاکو لە ڕووی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و سیاسیەوە هەنگاوی کرداری بگیرێتە بەر بۆ پتەوکردنی ئاسایشی نەتەویی و بەهێزکردنی تەونی کۆمەڵایەتی و ژێرخانی ئابووری و بەرەنگاروبونەوەی مەترسیە ژینگەییەکان و گەیشتن بە باشترین شێواز و پەیڕەوکردنی نمونەیەکی گونجاوی سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردن، لە ڕووی تیۆرییەوە کورتەیەك لەو زانیارییانەی کە هەن دەخەینە ڕوو تاکو ئاستی پەیوەندی دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بزانین، بۆ نمونە یەکەم دامەزراوەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی کە خێزانە لە هەنکاتدا یەکەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پەروەردەکردنی تاك، باوان ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەرشانیان لە فێرکردن و چاندنی بەها و نەریت و بیروباوەڕە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێزگرتنی یاسا و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و خۆش ویستنی نیشتیمان، فێرکردن و ڕاهێنانی نەوەکان لەسەر ئەوەی کە هاوڵاتی بەرپرسیارە لەوەی بەشداری پۆزەتیف و باشی هەبێت لە کۆمەڵگە، ئەمەش لەڕیگەی بەهێزکردنی هەستی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری و کەلتووری مەدەنی، خێزان بەرپرسە لە دروستکردنی هەستی بەهێزی ئاداب و ئاکاری گونجاو، ئەمەش یارمەتیدەری کۆمەڵگە دەبێت لە بەدیهێنانی بنەماکانی وەکو ڕاستگۆیی و یەکسانی و دادپەروەری ئەوەش لەسەردەمی ئێستادا کارێکی گرنگ و پێویستە کە دیاردەکانی هەژاری و جیاکاری و پیسبوونی ژینگە و....هی تر لە زۆر بونن، بۆیە خێزان لە رێگەی پەروەدەکردنی منداڵ و نەوەکانەوە دەتوانێ ڕایانبهێنی لەسەر ڕێزگردنی یاسا و بانگەواز بۆ دادپەروەری و پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ و ڕەخساندنی ژینگەیەکی پۆزەتیف، سەرەڕای ئەوەش خێزان رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەهێزکردن و گەشەپێدانی ئابووری تاك و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و زیادکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان و یارمەتیدانی تاك لە بەرزکردنەوەی توانای تاکەکان بۆ گەیشتن بە هەلی کار باشتر و بەرزکردنەوەی توانای ئافرەتان لە بەرەنگاربوونەوی ڕێگرییەکان هاندانیان لە بەشداریکردنی کارایان لە کۆمەڵگە، سەرەڕای ئەمانە خێزان دەتوانی لە لایەکی ترەوە ڕۆڵ ببینی لە بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی روحیەتی گفتوگو و لێك تێگەییشتن لە نێوان نەوەکان، ئەمەش لە ڕێگەی گێڕانەوەی بەسەرهات و ئاڵوگۆڕی ئەزموون و پارێزگاری لە بەهای دیموکراسی و دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەککگرتوویی، ئەمەش نەك تەنها ئاسایشی نەتەوەیی بەهێز دەکات بەڵکو بەرەنگاری ئەو ئالەنگارییانەش دەبێتەوە کە دێنە پیش کۆڵەگاکانی ئاسایشی نەتەوەیی (Maclean, Ogonda, 2023: 63 - 64)، خستنەوەی نەوەیەکی تەندروست و بە باڵاترین ویستی گەشەپێدان و بە باشرین شێواز و توانای فێربوونی هەبێت بە ڕێگەیەکی گونجاو تا ئاستی کامڵ بوون دەکەوێتە سەر خێزان ئەو ژینگەیەی خێزان تیایدا هەڵسوکەوت دەکات، هەروەها هاندانی منداڵ بۆ بەرەوپیشبردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و دروستکردنی هەستی ڕەزامەندی کۆمەلایەتیەوە بەندن بە رۆلی خێزانەوە لە پێگەیاندنی تاك لە کۆمەڵگە (Baferani, 2015: 417). کۆمەڵگە لە کۆمەڵە تاکێك پێك دێت کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، لەم نێوەندا خێزان رۆڵ دەبینێت لە ڕێگەی بەها و بیروباوەڕی هاوبەش و ئاڵۆگۆڕی داب و نەریت و بەها باوەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی، خێزان ڕێچکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەردەوامی کۆمەڵگە دەگرێتە بەر تاکو بەدەستهێنانی ناسنامەی کۆمەڵگە و شوناس، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی (Mamud, 2022: 6).

کەواتە خێزان جگە لەوەی ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاك، لە هەمانکاتدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە پەروەوەدەکردنی تاك لەسەر بنەمای دروست و تەندروست کە تژی بێت لە ئاکار و ڕوشتی بەرز و باڵا، تێ بکۆشێت بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ، فێربکرێت هەستی نیشتیمانپەروەری گەشە پێبدات، بڕوای بە دادپەروەری هەبێ و روحی هاوکاری و کاری پێکەوەیی تێدا بەرز بێت، بڕوای بە بەیەکگرتویی هەبێت و تاکێکی بەرهەم هێن بێت، ئەگەر خێزان ئەم ئەرکانەی گرتە ئەستۆ ئەوا هاوکار و هەماهەنگی تەواوی دامەزاروەکانی تر دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی.

بەهەمانشێوە ناوەندە پەروەردەییەکان پەیوەندی و کاریگەرییان لەسەر  ئاسایشی نەتەوەیی کاتێك دەردکەوێت کە پەروەردە ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی خۆی ببینی لە ریگەی ئامڕاز و میکانیزمەکانیەوە بۆ بەهێزکردن و بەرەوەپیشبردنی تاك لە بەشدرای کارا و چالاکانەی لە کۆمەڵگە بۆ بەرەوپیشبردن و بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی لە گەشەپێدانی بەردەوام ئەمەش لە ڕێگەی فێرکردن و پەروەردەکردنی تاك لە دابینکردنی پێداویستیەکانی و گەیشتن بە حەز و ئارەزووەکانی و بەرزکردنەوەی تواناکانی و بەهێزبوونی تاك لە بەرەنگاربوونەوی ئاستەنگیەکان وگەیشتن بە خۆشگوزەرانی، ئەمەش گەیشتنە بە ئاسایشی کۆمەڵگەیی و نەتەوەیی (عبدالمنعم، 2020: 227)، ناوەندەکانی خوێندن دامەزاروەیەکی کۆمەڵایەتی فەرمین دەبنە هۆی بونیادنانی ئاسایش لە کۆمەڵگە، بایەخ دان بە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی بەرپرسیاریەتیەکی دەستەجەمعیە لە نێوان تاك و کۆمەڵ و دامەزراوەکان، بۆیە بوونی  هاوکاری لە نێوان سەرجەم دامەزاروە کۆمەڵایەتی و پەروەردییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش و سەقامگیری و کەمکردنەوەی ڕەفتاری تاوانکارانە پیویستە لە پێناو بەدەستهێنانی ئاسایش و سیستەمی کۆمەڵایەتی، بۆیە جێی خۆیەتی ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی پەروەردە بدرێ لە چەسپاندنی هۆشیاری ئاسایشی و کۆمەلایەتی لە رێگەی مامۆستایان و بەرەوپیشبردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن و مسۆگەرکردنی زانست و زانیاری و توانا و بەها و بیروباوەڕەکان تاکو تاکێکی هۆشیار و هاوڵاتیەکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆز بەرهەمبهێنرێت، ئەمەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی تر دەگوازرێتەوە و دەبێتە ڕێچکەیەکی گونجاو و پەسەند لە کۆمەڵگە، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاکێك پەروەدە دەکات بڕوای تەواوی بە مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری و ریزگرتنی یاسا و هەستی بەرپرسیاریەتی و پابەند بە بەها و نەریتە باو و باڵاکان و بڕوابوون بە کاری پێکەوەیی و دوورکەوتنەوە لە خۆپەرستی، ئەمانەش دەبنە بەهێز بوونی ئاسایشی نەتەوەیی (الصبحيين و الرصاعي، 2018: 193)، چاکسازی و بایەخدان بە سیستەمی پەروەردە دەبێتە چارەسەر بۆ ئەو ئالەنگاری و ڕێگرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بۆیە گرنگە پەروەردەیەکی گشتگیر بۆ تاکەکان دابین بکرێت تاکو ببێتە هۆی گەشەی ژیری و روحی و جەستەیی، بەجۆرێك کە باشتر تێبگات لە ژینگەی دەوربەری و برەو بە تواناکانی بدات و ئاستی لێهاتوویی بەرزبکاتەوە تاکو بگونجێ لەگەڵ کۆمەڵگە و بەشدار بێت لە گەشەپێدانی، هەروەها پەروەردەی تەندروست تاکی تەندروست بەرهەم دێنێت کە باشتر ئەرك و کارەکانی ڕایی بکات (Orikpe, 2013: 57).

پەیوەندی پەروەردە بە کایە و بوارە جیاوازەکانەوە تاڕادەیەك ڕوونە و لە ژیانی ڕۆژانەمان هەستی پێ دەکەین، بەڵام دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان پەروەردە و ئاسایشی نەتەوەیی تاڕادەیەك ئاسان نیە، چونکە لە کولتوور و موعریفەی پێشووماندا ئاسایشی نەتەوەیی تەنها پەیوەندی بە بابەتی هەستیار و توانای سەربازییەوە هەبوو، بەڵام بە قوڵبوونەوە لە کرۆکی پەروەردە و زانینی ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە پەروەردە کردنی تاکێکی تەندروست و ژیر و لێهاتوو کە فێرکرابی پارێزگاری لە بەها و نەریت و بیروباوەڕەکانی بکات، گۆش کرابی بە زانیاری و زانستی سەردەم، هەروەها ڕاهێنرابی لەسەر خزمەتکردنی نەوەکان و بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی کۆمەڵگە، ئەوا ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە پایەکانی ئاسایشی نەتەوەیی پێویستی بە تاکێکی پەروەردەکراو ژیرە تاکو پارێزگاری لێ بکات لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، سیاسەت و ستراتیژی دابڕێژێت لە پێناو پێشکەوتنی وڵات و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و مسۆگەرکردنی ئارامی و ئاسایش. **لەگەڵ ئەمانەشدا** پارتە سیاسیەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتیدا ئەرك و ڕۆڵی جیاواز لە کۆمەڵگە دەبینن کە خۆی لە چەند بوارێك دەبینێتەوە وەکو پێگەیاندنی سیاسی و بەشداری تاك لە پڕۆسەی سیاسی و ڕۆشنبیری و پەرەپێدانی سیاسی و ڕێکخستنی ئەندامان و پێگەیاندنی سەرکردە و داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژی و بەهێزکردنی تەونی پەیوەندییە نیشتیمانیەکان و داڕشتنی یاسا لە چوارچێوەی دامەزاروە یاساییەکان (Ruchiami, 2017: 4)، ئەمەش وا دەکات حیزبە سیاسەکان وەکو قوتابخانەیەك وێنا بکرێت لە پێگەیاندن و فێرکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پاییز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوڵاتیان دەربارەی چۆنیەتی سیاسەتکردن و شێوازەکانی بەڕێوەبردن و گرنگی دان بە کاروبارە گشتیەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو ئالەنگارییانەی دێنە بەردەم کۆمەڵگە، هاوڵاتی یاخود تاکی پەروەردەکراو هەست بە مەترسیەکان دەکات و هەوڵی تێپەڕاندیان نادات بەڵکو بەدوای چارەسەر دەگەڕێت بۆیان، هەروەها ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری سیاسی هەموو ئەمانەش دەکەونە چوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیەوە (خلیل، 2024: 2874)، خستنەڕووی باشترین بژاردە بە میکانیزمی گونجاو بەشێکە لە چوارچێوەی کاری سیاسی، ئەمەش خۆی لە هاندان بۆ پابەند بوون بە بەها باڵاکان و ئامانجی هاوبەش و کەمکردنەوەی ناکۆکیەکان، ئەم هاوکێشەیە دوو لایەنەیە هەم بەشداری سیاسی کار لە ڕێچکەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات لە هەمان کاتدا ئاستی ئاسایشی نەتەوەیی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بارودۆخی سیاسی (Dcaf, 2015: 3)، پەیوەندیەکی تەواوکار هەیە لە نێوان حکومەت و سیاسەتڤان و ئاسایشی نەتەوەیی، بەجۆرێك پەیوەندییەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەرنامە و ئەجێندای ئاسایشی نەتەوەیی (ÇELENK, 2009: 123).

ڕۆڵ و کاریگەری حیزبە سیاسیەکان بە گوێرەی سەردەم و کۆمەڵگە و کەلتوور و ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو بوارانەی حیزبە سیاسیەکان ڕۆڵی تێدا دەبینن زۆرە بەڵام پەیوەندار بە ئاسایشی نەتەوەیی گرنگە لەم بابەتە زیاتر وورد ببینەوە و لە ئاستە جیاوازەکانی حیزبە سیاسیەکان تێ بگەین، پۆلێن کردنی حیزبە سیاسیەکان بە گوێرەی ئەجێندا و پەیڕەوی کارکردنیان کارێکی تاڕادەیەك زحمەتە، چونکە کۆمەڵی فاکتەر لەم نێوەندەدا ڕۆڵ دەبینن وەکو مێژوی حیزبە سیاسیەکان و ئاستی پابەندبوونی لایەنگیرانی بە هەستی نیشتیمانی و بەشداری سیاسی و هێزو سەرچاوەی دارایی و توانای سەربازی و پەیوەندییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و پرەنسیپ و بیروباوەڕە گشتیەکان و پابەندبوون بە بەها و بیروباوەڕە نیشتیمانیەکان و ئامادەکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسی و هەڕشانەی دێنە بەردەم کۆمەڵگە و سیتەمی حوکمڕانی، بۆیە ئەوەی گرنگە ئەوەیە ناتوانرێ نکۆڵی لە ڕۆڵی گرنگی حیزبە سیاسیەکان لە کۆمەڵگە بکرێت بەڵام گرنگە بزانرێ تاچەند هەوڵ و کاریگەرییەکانی لە خەمی نیشتیمان و سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دایە، چونکە ئەندامانی حیزبە سیاسیەکان ڕاستەوخۆ و ناڕستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری پەیام و بەرنامە و ئەجیندای حیزبەکانیان و ئەمەش کار لە ڕێچکەی سیاسی وڵات دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە لایەکی ترەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسەردەمی ئیستادا ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر لە کۆمەڵگە دەبینن، بە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی بۆ دروستکردن و گەشەپێدانی هۆشیاری ئاسایش و پاراستن و سەقامگیری کۆمەڵگە هەژمار دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش هۆکارە بۆ فراوانبوونی توانای مەعریفی تاك و دونیا بینیی فراوان دەکات لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ نیشاندانی ڕووداو و بارودۆخەکان و پێدانی زانیاری، هەروەها ڕاگەیاندن دەتوانی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندارەکان پشکدار بێت بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ و بونیادنەرانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕشە ناوخۆیی و دەرەکییانە کە دەبنە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و تاك و کۆمەڵگەی لێ هۆشیار بکەنەوە و ڕای گشتی دروست بکەن، لە هەمانکان کاتدا ڕاگەیان ڕۆڵی گەروە دەبینی لە بەرەنگاروبونەوە و سنووردارکردنی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و هەموو ئەو دیاردانەی کە کاریگەری خراپ دەکەنە سەر ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵگە (عطا، 2021: 131 - 132)، ئەرکێکی تری ڕاگەیان لەم ڕووەوە ئەوەیە کە زانیاری تەواو و نوێ و گرنگ لەسە گشت ڕوداو و ڕاستیەکان و بارودۆخ و یاسا و ڕێسا پەیوەندارەکان بە ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگە بخاتە ڕوو بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕیژراو بە ئامانجی ئاڕاستە کردنی ڕای گشتی و بەدیهێنانی پلانێکی گشتگیر بۆ ڕێگریکردن و کەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ئەنجامدانی تاوان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ئەو مەترسیانەی کە هەن و پەرەپێدان و گەشەپێدانی هەستکردن بە ئاسایش و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەم بارەوە، لەلایەکی ترەوە نیشاندانی ڕۆڵی پۆلیس و دامەزراوە ئەمنیەکان لەبەرەنگاربوونەوەی تاوانکاران و ڕۆڵیان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و مرۆیی (ناجی، 2006: 17)، سەبارەت بە کاریگەری ڕاگەیاندن پێویستە هەڵوستە لەسەر سیاسەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکریت کە ئایا سیاسەت و ستراتیژی پۆزەتیڤ پەیڕەو دەکات یاخود بە پێچەوانە سیاسەتێکی چەواشەکارانە و ڕۆخێنەرانە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ڕاگەیاندن چەند دەتوانی ڕۆڵی باشە ببینی لە کۆمەڵگە لە هەمانکاتدا دەتوانی بەشێوەیەکی نێگەتیڤ کار بکات و ببێتە مەترسی لەسەر کۆمەڵگە و ناسنامەی تاك و ئاسایشی نەتەوەیی (محمد و کاظم، 2022: 152)، لەم چوارچێوەیەدا جگە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئێستادا ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەلایەتیەکان کە بە ڕاگەیاندنی نوي هەژمار دەکرێن، کاریگەری بەهێزییان هەیە لە دەربڕینی بۆچوون و سەرنجەکان بەشێوەیەکی ئازادانە و بەبێ هیچ سانسۆرێك، تاك دەتوانی لەم

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگەوە دەستی بگات بە هەر زانیارییەك كە كەسانی تری بڵاوی دەكەنەوە، ئەم كاریگەریەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندی نیشتیمانی هەیە (عبد المجيد، 2008: 121).

كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەلایەتیەكان لە سەردەمی ئەمڕۆمان كاریگەرییەكی بەهێز و گەورەییان لەسەر ژیانی تاك و كۆمەڵ دروستكردووە، سەرجەم سێكتەر و كەرتە جیاوازەكان دەكەونە ژێرئەم كاریگەرییەوە، ئاسایشی نەتەوەیی بە ڕەهەندە جیاوازییەكانیەوە بێ بەش نیە لەم كاریگەرییە، جا بەشێوەیەكی پۆزەتڤ یان نێگەتیڤ ئەوە دەوەستێتە سەر دوو بوار یەكەمیان ئەو سیاسەت و بەرنامەی كە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن ئاڕاستە دەكات، دووەمیان ئاستی بەهێزی و پتەوی ئاسایشی نەتەوەیی، چونكە هەر حكومەت و وڵاتێك ئەگەر ئاسایشێكی بەهێزی هەبێت بتوانێت بەرەنگاری ئەو مەترسیانە ببێتەوە كە لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەبنە هەڕەشە بۆی ئەوا دەتوانی بە گرتنەبەری سیاسەتێكی تۆكمە بەرەنگاری ئەو كاریگەرییە نەرێنیانە ببێتەوە كە ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان دروستی دەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ سوود لە خودی ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەلایەتیەكان ببینێت بۆ هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە و دروستكردنی ڕای گەشتی و ڕەزامەندی كۆمەڵگە بە نیشاندانی خاڵە بەهێزەكان و كەمكردنەوەی لاوازییەكان و دروستكردنی كۆدەنگی لە سەر پرسە چارەنووسازەكان و گەیاندنی پەیامی یەكڕێزی و پاراستنی سەقامگیری و بەهێزكردنی تەونی كۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

الحديدي، فايزة محمد، (2007)، ثقافة تربوية (التربية المبادئ وأصول)، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
الزيودي، ماجد محمد، (2016)، تطور جماعة الرفاق في المجتمعات العربية المعاصرة ودلالاتها التربوية، رؤية تحليلية، مجلة العلوم التربوية، العدد الرابع، ج1.
السيد، فؤاد البهي، عبد الرحمن، سعد، (1999)، علم النفس الاجتماعي رؤبة معاصرة، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر.
شروخ، صلاح الدين، (2004)، التنشئة الاجتماعية (منظور الاسلامي)، دار العلوم للنشر والتوزيع، عنابة، الجزائر.
شفيق، ايكوفان، (2016)، دور وسائل الإعلام والاتصال في عملية التنشئة الاجتماعية، جامعة مولود معمري تيزى وزو، مجلة مجتمع تربية عمل، عدد 1، الجزائر.
الصقور، صالح خليل، (2010)، موسوعة علم الاجتماع، دار زهران للنشر والتوزيع، الأردن – عمان.
الصقور، صالح خليل، (2012)، الاعلام والتنشئة الاجتماعية، دار اسامه للنشر والتوزيع، الأردن – عمان.
عالي، حسن، (2018)، الاسرة وعملية التنشئة الاجتماعية، مجلة الانسان والمجال، مجلد 4، عدد8.
علي، علي عبد الفتاح، (2019)، الاعلام والتنشئة الاجتماعية، دار الأيام للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
عمر، ماهر محمود، (1992)، سيكولوجية العلاقات الاجتماعية، ط2، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، مصر.
فوزيه، بن باخه، ومروه، عدواس، (2021)، التنشئة الاجتماعية وتأثيرها على التربية الصحية في الوسط التربوي، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة 8 ماي 5491– قاملة –كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية.
القاسمي، مهرة سالم محمد، (2010)، دور التنشئة الاجتماعية في تشكيل السلوك السوي للأبناء، دار الفكر العربي للطبع والنشر، القاهرة.
القريشي، بهاء عبد الكريم طاهر، البياتي، فراس عبد الكريم محمد علي، (2022)، التنشئة الاجتماعية السياسية وبناء دولة المؤسسات في العراق بعد عام 2005، مجلة نسق، مجلد (36)، عدد (7).
القصير، عبد القادر، (1999)، الاسرة المتغيرة في مجتمع المدينة العربية، ط1، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.
الكبيسي، سناء عبد الوهاب، التنشئة الاجتماعية للطفل ودور الاسرة فيها، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
هداج، العيد، (2023)، تأثير العولمة على دور الاسرة في التنشئة الاجتماعية، دار الأيام للنشر والتوزيع، عمان.
هرندي، كريمة، (2022)، مؤسسات التنشئة الاجتماعية، الفا للنشر والوثائق، قسنطينة، الجزائر.
همشري، عمر احمد، (2013)، التنشئة الاجتماعية للطفل، الطبعة الثانية، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
عبد المنعم، إبراهيم احمد جمعه، (2020)، دور كليات التربية في تعزيز الامن القومي المصري (تصور مقترح)، مجلة كلية تربية/ جامعة بني سويف، عدد ابريل، جزء الثاني.
الصبحيين، عيد حسن، الرصاعي، محمد سلامة، (2018)، دور المدرسة ومناهج التعليم في تحقيق الامن المجتمعي من وجهة نظر القادة التربويين في الأردن، دراسات العلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد (45)، العدد (4)، ملحق 1.
عطا، أسامة راغب محمد، (2021)، دور الاعلام الجديد في تحقيق الامن القومي المصري (الإرهاب الالكتروني انموذجا)، مجلة جامعة السويس، المجلد الثاني عشر، العدد الرابع.
خليل، احمد إبراهيم احمد عطية، (2024)، دور الدولة والأحزاب في عملية التنشئة والثقافة السياسية، مجلة البحوث الفقهية والقانونية، العدد الخامس والأربعين، كلية الشريعة والقانون بجامعة دمنهور، مصر.
عبد المجيد، قدري على، (2008)، الاعلام وحقوق الانسان: قضايا فكرية دراسة تحليلية وميدانية، دار الجامعة الجديد للنشر، الإسكندرية.
محمد، صفاء جاسم وكاظم، فلاح خلف، (2022)، تأثير السياسة الإعلامية على التعايش السلمي في العراق، المجلة السياسة والدولية، ملحق العدد الثاني والخمسون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Baferani, Maryam Hosseinzadeh, (215), The Role of the Family in the Socialization of Children, Department of Educational Sciences, Payame Noor University (PNU), Tehran, Iran, Mediterranean Journal of Social Sciences, MCSER Publishing, Rome-Italy, Vol 6 No 6 S6.

Katke, Santoshkumar, (2023), SOCIALIZATION AND EDUCATION: INVESTIGATING THE ROLE OF SCHOOLS IN TRANSMITTING SOCIAL NORMS AND VALUES, Journal of Emerging Technologies and Innovative Research (JETIR), Volume 10, Issue 6.

Susanu, Neaga, (2019), The Group of Friends as Factor of Socialization and Juvenile Delinquency, New Trends in Psychology, Vol. 1, no 1.

SÜSS, SARAH GENNER and DANIEL, (2017), Socialization as Media Effect, Zurich University of Applied Sciences, Switzerland, The International Encyclopedia of Media Effects, Roessler wbieme0138.tex V1 - 07/14/2016 9:11 P.M. Page 1.

Terziev, Venelin, Vasileva, Silva, (2022), THE ROLE OF EDUCATION IN SOCIALIZATION OF AN INDIVIDUAL, IJAEDU- International E-Journal of Advances in Education, Vol. VIII, Issue 22.

V. Yureva V., (2019), The Role of Education in the Process of Socialization of Youth, Advances in Economics, Business and Management Research, volume 79, International Scientific Conference "Far East Con" (ISCFEC 2019).

Orikpe, Ephraim Azubike, (2013), Education and National Security: Challenges and the Way Forward, Journal of Educational and Social Research, MCSER Publishing, Rome-Italy, Vol. 3 No. 10.

Ruchiami, Gitonga (2017), ROLE OF POLITICAL PARTIES AND KEY PARLIAMENTARY OFFICES, Published by The Clerk of the National Assembly, Parliament Buildings, Parliament Road. The National Assembly of Kenya.

DCAF – Geneva Centre for Security Sector Governance. National Security Policies, (2015), NATIONAL SECURITY POLICIES Formulating national security policies for good security sector governance.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Socialization and Its Relation to National Security
## A Theoretical–Analytical Study

**Asst. Lect. Marewan Hassan Mustafa**
Department of Sociology, Collage of Art, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, Region, Iraq.
Email: marewan.mustafa@su.edu.krd

**Prof. Abdulhameed Ali Saced Barzinchi**
Department of Sociology, Collage of Art, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, Region, Iraq.
Email: abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

## Abstract:
The topic of socialization has garnered significant attention in the field of human sciences in general, and in sociology in particular, due to its fundamental role in individual development and the evolution of social systems. The tools and channels of socialization have undergone major transformations over time, making them effective means in driving social change—whether across historical periods or between different geographic locations.
Within the framework of structural sociology, socialization is viewed as a foundational process in shaping the human being within society. This highlights the critical importance of social interaction in education, upbringing, and guiding individuals within the broader social context. The main objective of this study is to understand the relationship between socialization and national security. This is approached through an analytical methodology based on content analysis and literature review.

***Keywords:*** *Socialization, security, national security, politics, family*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# التنشئة الاجتماعية وعلاقته بالأمن القومي
## دراسة نظرية–تحليلية

**الملخص:**
يُعدّ موضوع "التنشئة الاجتماعية" من الموضوعات التي حظيت باهتمام كبير في الدراسات الإنسانية عمومًا، وفي علم الاجتماع على وجه الخصوص، وذلك لما له من دور أساسي في تنمية الفرد وتطوير النظم الاجتماعية. وقد شهدت أدوات وقنواتها تغيرات كبيرة بمرور الزمن، مما جعلها تُستخدم كوسائل فعّالة في عمليات التغيير الاجتماعي، سواء من حقبة زمنية إلى أخرى، أو من منطقة جغرافية إلى أخرى، في إطار علم الاجتماع البنيوي، يُطرح هذا الموضوع بوصفه أساسًا لبناء الإنسان داخل المجتمع، مما يُبرز الأهمية البالغة للتواصل الاجتماعي في التعليم، والتنشئة الاجتماعية، وتوجيه الأفراد ضمن السياق المجتمعي العام، الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو فهم العلاقة بين التنشئة الاجتماعية والأمن القومي، ويتم ذلك من خلال اعتماد منهجية تحليلية تعتمد على تفكيك المحتوى والدراسات المكتبية.

**الكلمة الرئيسية :**التنشئة الاجتماعية ، الأمن، الأمن القومي، السياسة، الأسرة